
وووتار

Like 0 Tweet Share

## رانانێك بۆ پەرتووكی "مامۆستا شێخ محەممەدی خاڵ: لە كۆمەڵە دیدارێكی رۆژنامەنووسیدا"

بەروار: 30/07/2018
بینین: 291

کۆسرەت صالح



**كۆسرەت ساڵح ئەحمەد**
**توێژەر و مامۆستا لە زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر**

**ئەم پەرتووكە بریتییە لە كۆمەڵێك دیدار ی ئەنجامدراو لە گەڵ بەشێك لە هەڵكەوتە و پێنووسە دیارەكانی كوردستان، كە لەلایەن دكتۆر (ئاراس محەممەد ساڵح)ــە ئەنجامدراون و دواتر لە دوو توێی پەرتووكێكی 186 لاپەڕەیی وەك بەرهەمی ژمارە 34 ی سەنتەری زەهاوی بۆ لێكۆڵینەوەی فیكریی، لە ساڵی 2015ز، چاپ و بڵاوكراوەتەوە. لە سلێمانی لە هەردوو ناوەندی سارا و ڕێنوێن، هەروەها لە نوسینگەی تەفسیر لە هەولێر دەستدەكەوێت.**

**ئەم پەرتووكە لە بنچینەدا، وەك لە ناونیشانەكەشی دەردەكەوێت، بریتییە لە كۆمەڵێك دیدار كە لە گەڵ دە نووسەر و هەڵكەوتەی كوردستان ئەنجامدراون،كە ئەمانەن: (مامۆستا مەلا مەحموودی گەڵاڵەیی، مامۆستا نوری فارس حەمە خان، مامۆستا عەبدوڵا قەرەداغی، مامۆستا سەلام مەنمی، مامۆستا حەمەكەریم هەورامی، مامۆستا محەممەدی مەلا كەریم، مامۆستا رێبوار عەلی، دكتۆر عیزەددین مستەفا رەسوڵ، مامۆستا نەبەز هەورامی و دكتۆر سەباح بەرزنجی).**

**لە دەستپێكدا نووسەر ئاماژە بە تێبینییەكی گرنگ دەدات, كە ئەمە دەقەكەیەتی: "ئەم دیمانانە بۆ ئاشنابوونە بە دیدوبۆچوون و تێزەكانی شێخ محەممەدی خاڵ، لەگەڵ كەسانێك ئەنجامدراون كە لە سەردەمی شێخی خاڵدا ژیاون و ئاگاداری پڕۆژە ئیسلاحییەكەی بوون، هەروەها لەگەڵ كەسانێكی دیكە كە لە دوا ئەو سەردەمە هاتوون بەڵام خوێندنەوەیان هەبووە بۆ نووسین و بۆچوونەكانی، بەڵام مەرج نیە نووسەر لەگەڵ هەموو بۆچوونەكاندا هاوڕابێت، هاوكات زۆر بە ئەمانەتەوە بۆچوونی ئەو كەسانەی تۆمار كردووە كە دیمانەی لەگەڵ كردوون، لەهەمانكاتدا سوپاس و پێزانینی هەیە بۆ هەموو ئەوانەی ماندووبوون و بەدەم داواكارییەكەیەوە هاتوون و هاوكاری بوون".**
**پەرتووكەكە لە پێشەكی و سەرەتاییەك لە سەر شێخی خاڵ وەك ریفۆرمیستێكی سەردەمی خۆی، هەروەها لە دە بەشی تر پێكهاتووە، كە لە خوارەوە كورتەیەك سەبارەت بە ناوەڕۆك و پەیامەكەی رێنووس دەكەین.**

**لە پێشەكیدا نووسەر ئاماژە بە مێژووی بەرەی ئیسلاح و ریفۆرمخوازان دەدات لە جیهانی ئیسلامییدا، تایبەت قوتابخانەی جەمالەددینی ئەفغانی و محەممەد عەبدە لە هەر دوو سەدەی نۆزدە و بیست. هەروەها ئاماژە بۆ درێژبوونەوەی ئەم قوتابخانەیە دەكات لە كوردستان كە سەرەتا لەلایەن (مەلای گەورەی كۆیە) گرنگی پێدراوە و دواتر شێخی خاڵ دەستدەكات بە خوێندنەوەی بەرهەمەكانی ئەم قوتابخانەیە، تایبەت گۆڤاری (العروة الوثقى) و بە دید و بۆچوونەكانی زۆر كاریگەر دەبێت و لە وەسفی گۆڤارەكەدا دەنوسێت: "ئەو گۆڤارە سەدان كەسی لە خەوی بێئاگایی بێداركردەوە، كە یەكیان خۆمم".**

**شێخی خاڵ بۆ بەرجەستەكردنی پرۆژەی قوتابخانەی چاكسازی و ریفۆرم سەرەتا لە گۆڤاری گەلاوێژ دەستی پێكرد، كە هەر ژمارەیە و راڤەی ئایەتێكی قورئانی دەكرد و لە رێگەیەوە هەوڵی ریفۆرمی ئاینیی و كۆمەڵایەتی دەدا و دەستی دەخستە سەر كێشە و ئاریشەكانی كۆمەڵگەی كوردستانی. دواتر دەست بە نووسینی فەرهەنگی خاڵ دەكات، كە فەرهەنگێكی بێوێنەی (كوردی – كوردی)یە، دواتر لەسەر هەمان رێچكە تەفسیری قورئان دەنوسێ و حەوت جوزئی تەواو دەكات.**

**هەر لەم پێشەكییەدا نووسەر ئامانجی ئەنجامدانی ئەم دیدارانە و دواتر كردنیان بە كتێب لە چەند پرسیارێك پوخت دەكاتەوە، گرنترینیان:**
**بۆچی شێخی خاڵ وەك جەمالەددینی ئەفغانی و محەممەد عەبدە نەیتوانی لە كۆمەڵگەی كوردستانی دەربكەوێت و ببێتە**

Zahawi Center ..زەهاوی
Liked 21K likes

وتار



ولاَتانی ئەورووپاو ئەمریكا وەک شوێنی بازرگانی کردن بە مند...
هۆشیار جەماڵ



کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەوی دا خوێندنەوەیەک ب...
د. ئاراس محمد صالح

زیاتر

توێژینەوە



گرنگترین و دیارترین هۆکارەکانی دروست بوونی (ئیختیلاف) ...



بیری نەتەوایەتی لەلای زانایان ـ هەڵسەنگاندن و بەراوردێك لە...



تیرۆر یان دایڤێرستی لە کۆمەڵگای کوردی؟...

زیاتر

ڤیدیۆ



- ماف و ئازادیەکان لە ئیسلامدا د.سەباح بەرزنجی...

سەرمەشقی بزاڤ و رەوتی رۆشنهزری لە کوردستان؟، بۆ نەیتوانی کۆمەڵە قوتابییەك لەسەر هەمان رێباز پەروەردە بکات بۆ بەردەوامیدان بەم ئاراستە هزرییە؟، رێگرەکانی بەردەم پرۆژە ئیسلاحییەکەی لە کوردستان چی بوون؟، ئایا بیر و هزر و بەرهەمەکانی شێخی خاڵ کاریگەری هەقیقیان لەسەر ناوەندە ئاینییەکانی کوردستان هەبووە یاخود نا؟، پرۆژەی نوێخوازی و ریفۆرمی ئاینیی تا چەند وەك پێویستییەکی ئاینی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان سەیرکراوە؟ ئەمانە گرنگترین ئەو پرسیارانەن کە لە پێناو وەڵامەکانیان ئەم دیدارانە و دواتر چاپکردنیان لە دووتوێی پەرتووکەکە بە پایان گەیشتووە.

نووسەر یەکەم بەشی پەرتووکەکە ناودەنێت: (سەرەتا: شێخ محەممەدی خاڵ ریفۆرمخوازێکی سەردەمەکەی خۆی 1904-1989). لەم دەستپێك و سەرەتایەدا تیشکێك دەخاتە سەر ژیان و بەرهەم و هەوڵەکانی شێخی خاڵ، تایبەت دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی ژیانی و کاریگەریان لەسەر گەشەی هزری و پەرەدان بە عەقڵیەتی رەخنەیی و گەشەکردنی هێزی دەستنیشانکردنی چەقی ئاریشە و کەلێنە ئاینیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی.

شێخی خاڵ لە ساڵی 1904 لە دایك بووە، لە دەستپێکی جەنگی جیهانی یەکەم تەمەنی 10 ساڵان بووە، کاریگەریی شۆرشی شێخ مەحموودی حەفید و شەری دەربەربەندی بازیان و ئاوباریك لە ساڵی 1919، داگیرکاری ئینگلیز، روخانی دەوڵەتی عوسمانی و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر بونیادی هزری خاڵ هەبووە. دەکرێت گرنگترین پەیامەکانی خاڵ لە حەوت خاڵ کورتبکرێتەوە کە ئەمانەن:
بەگژداچونەوەی تەقلید و ریشەکانی چەقبەستووی ئاینیی، گرنگیدان بەلایەنی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، دەرچوون لە بازنە و رێچکەی ئاینزا فیقهییەکان (المّذاهب الفقهية)، دژایەتیکردنی خورافیات و ئیسرائیلیات و کارکردن بە فەرموودە لاوازەکان، تێکهەڵکێشکردن و بەیەکبەستنەوەی تێزە ئاینییەکان و بیردۆزە زانستییە هاوچەرخەکان، کارکردن لەسەر گۆڕانکاریی و هاوکێشە سەردەمییەکان و پرسە هەنوکەییەکان.

هەر لەم بەشەدا خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ تەفسیری خاڵ دەکات، تیاییدا مێژووی دەسپێکردنی تەفسیرەکە و جوزئەکانی شیدەکاتەوە، هەروەها بابەتەکانی: "پێکەوە گرێدانی قورئان و زانستی نوێ،عەقڵانیەت لای مامۆستا خاڵ، ریفۆرمی کۆمەڵایەتی لە تەفسیری خاڵدا" تاوتوێ دەکات و لایەنە نایاب و جوانەکانی تەفسیرەکە دەخاتەڕوو.

دیداری یەکەم: لەگەڵ مەلا مەحموودی گەلاڵەیی (ناسراو بە مەلا مەحموودی ئەوقاف) لە 27/9/2010 ئەنجامدراوە، وەك زانراوە ساڵانێکی زۆر پەیوەندی لەنێوان مەلا مەحموود و شێخی خاڵ هەبووە و ئاگاداری ژیان و هزر و بەرهەمەکانی خاڵ بووە، بۆیە نووسەر یەکەم بەشی تایبەت کردووە بە دیدارەکەی لەگەڵ مەلا مەحموود. هەندێ لەوەسفەکانی بۆ شێخی خاڵ دەگوازینەوە: (شێخی خال زۆری حەزی بە کۆکردنەوەی کەلەپووری ئیسلامی بەگشتی و زانایانی کورد بەتایبەتی هەبووە، لەسەردەمی فەقێیەتی لای مەلای گەورەی کۆیە بیری ئیسڵاحی لا گەڵاڵەبووە، دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لە موسڵ، چەمچەماڵ، هەڵەبجە و سلێمانی قازی شەرعی بووە، گۆڤارەکانی –الرسالة والثقافة-ی خوێندونەتەوە و کاریگەری تەفسیری مەراغی لەسەر بووە، بەشێوەیەکی سنووردار هەوڵی ریفۆرمی ئایینی داوە، سەدا هەشتای تەفسیری خاڵ لە تەفسیرەکانی مەنار و مەراغی وەرگیراوە، سەرەتا سۆفی بووە و دواتر وازی هێناوە، گەورەترین هەڵەی شێخی خاڵ خۆدورخستنەوەی بووە لە مەلا و فەقێ بۆیە نەیتوانی وەك پێویست کاریگەری دروست بکات، زۆربەی بەرهەمەکانی لەلایەن (مەلا محەممەد و مەلا مستەفای کوردی) پێداچونەوەیان بۆ کراوە).

دیداری دووەم: لەگەڵ مامۆستا نووری فارس حەمەخان لە 5/10/2010، کە قوتابی و فەقێی شێخی خاڵ بووە ئەنجامدراوە، ئەو پێیوایە: (جیا لە بەرهەمە چاپکراوەکانی قوتابخانەی ئیسڵاح، رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤار کاریگەری زۆریان لەسەر هزری خاڵ هەبووە، زۆر سەرسام بووە بە قوتابخانەی ئیسلاح و ئەزهەری شەریف بەگشتی، هەروەها ئەفغانی و عەبدە بەتایبەتی، تەوفیقی لەنێوان مەزهەبی شافیعی و حەنەفی کردووە، تەفسیری خاڵ لەژێر کاریگەری تەفسیری مەنار و تەفسیری قاسمی نوسراوە، خاڵ زۆر لە مەنهەج و بەرنامەی حوجرە بێزاربووە، تەصەوف و دەرەبەگ نەیانهێشت هزری خاڵ کاریگەری دروستبکات، پەیوەندی لەگەڵ ئەهلی تەصەوف باش بوو بەڵام دژی خورافیات و شتی پرووپوچ بوو، راست نیە کە دەگوترێت مەزهەبی لە شافیعیەوە بۆ حەنەفی گۆڕیبێت، ئەو قسەیەش راست نیە کە دەگوترێت شێخی خاڵ پەیوەندی لەگەڵ مەلا و فەقێ باش نەبووە).

دیداری سێیەم: لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا قەرەداغی، لەم دیدارەدا چاوخشانێکی خێرا کراوە بەرەوتی ئاینیی و بزاڤی نوێگەری لە کوردستان هەروەها رۆڵی حوجرە وەك دامەزراوەیەکی ئاییني، سەبارەت بە کەم ئەنجامی پرۆژە هزرییەکەی خاڵ ئەو پێی وایە: (نەبوونی هاوهزر و کاری هاوبەش، نەگەیشتن بە میکانیزمێکی دروست بۆ بەرجەستەکردنی هزرەکە، بەدامەزراوەیی نەکردنی هەوڵەکان، نەبوونی کاربەدەست و دەسەڵاتی خۆوەڵاتی، تێکگیرانی بەرهەمی حوجرە و بەرهەمی مۆدێرنیتەی رۆژئاوا کە یەکێك بووە لە پایەکانی پرۆژەکەی خاڵ). دیارترین بەربەستی بەردەم هەوڵە نوێخوازییەکانی خاڵ بوون.

دیداری چوارەم: لەگەڵ مامۆستا سەلام مەنمی لە 26/12/2010 ئەنجامدراوە، ئەو پێیوایە: (شێخی خاڵ بەیەکێك لە رابەرانی رابوونی زانستی لە کوردستان دادەنرێت، جگە لە مەردۆخی سنەیی هیچ کەس بەقەد شێخی خاڵ بەتەنگ رابوونی زانستییەوە نەبووە لە کوردستان، بەر لە شێخی خاڵ تەفسیری قورئان بە کوردی نەکراوە). ئەگەرچی دوا وتەی مامۆستا مەنامی سەبارەت بەوەی کە شێخی خاڵ جێگەی تێڕامانە، چونکە مەلای گەورە لەسەرەتای چارەکی دووەمی سەدەی بیستەم دەستی کردووە بە تەفسیری قورئانی پیرۆز بە زمانی کوردی.

دیداری پێنجەم: لەگەڵ مامۆستا حەمەکەریم هەورامی لە 29/1/2011 ئەنجامدراوە، ئەو پێی وایە: (شێخی خاڵ یەکەم مەلا

بووە لە سلێمانی کچی خۆی ناردۆتە قوتابخانە، هەروەك پێی وایە کە خوێندنی حوجرە مرۆڤ بەرە و دواوە دەباتەوە بە پێچەوانەی گۆڤاری (العروة الوثقی) بۆیە گۆڤارەکە کاریگەری زیاتری لەسەر شێخی خاڵ هەبووە تا حوجرە، هۆکاری نەگەشانەوەی هزری ئیسلاحی بۆ دوو خاڵ دەگەرێتەوە، یەکەمیان نەبوونی دامەزراوەی ئایینی کە برەوی پێبدات، دووەم: هەر نوێگەریەك دەستی بۆ برابوایە بە بیدعە و گومڕایی دەدرایە قەڵەم، چونکە دوانزە عیلمەکەی حوجرە بۆ پێغەمبەر و ئیمامی عەلی دەگێڕدرانەوە، کێ زات دەکات قسەی پێغەمبەر و پێشەوا عەلی رەتبکاتەوە).

دیداری شەشەم: لەگەڵ مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم لە بەرواری **1/3/2011** ئەنجامدراوە، ئەو بۆچوونی وایە: (شێخی خاڵ بەهۆی سەرقاڵی بە قازیەتی و کاری میرییەوە نەیتوانییوە گرنگی زیاتر بە رەوتی مەلا و فەقێیان بدات، هەروەها دۆخی رۆشنبیری هێندە پاشکەوتوو بووە بە ئاسانی نەکەوتۆتە سەرپێ، شێخی خاڵ وەك تێکۆشەرێکی بواری رۆشنبیری نەهاتبووە کۆڕی مەلا و زانایان بۆیە پەیامەکەی نەیتوانی کاریگەری دروست بکات، لە هەندێ بابەتی عەقیدەیی کە ئەهلی تەسەوف باوەری پێهەیە شێخی خاڵ وەهابی ئاسا قەناعەتی پێیان نەبووە، بەهۆی ئەوەی لە بنەماڵەی شێخەکان بووە دژایەتی شێخەکانی نەکردووە، بەر لە شێخی خاڵ مەلای گەورە و حاجی قادر هەوڵی نوێخوازیان داوە).

دیداری حەوتەم: لەگەڵ مامۆستا رێبوار عەلی، ئەو پێیوایە: (هەوڵەکانی خاڵ بۆیە بەرهەمیان کەمبووە چونکە نووسینی کوردی لە بواری ئایینی لە کوردستان نامۆبووە و شێخی خاڵیش بە کوردی نوسیوویەتی، کەمی گرنگیدانی مەلای کورد بە خۆ رۆشنبیرکردن خاڵێکی تر بووە، هۆکارەکانی کەم بەرهەمی هزری خاڵ بریتین لە: کەمی زانای هاوهزر، سەرقاڵی شێخی خاڵ بە وەزیفەی میری، هەژموونگەرایی سۆفیزم و دەروێشگەرایی، بێباکی زانایانی ئایینی لە هەمبەر گرنگی پرسی چاکسازی و ریفۆرمی ئایینی).


دیداری هەشتەم: لەگەڵ پرۆفیسۆر عیززەددین مستەفا رەسوڵ، ئەو پێیوایە: (شێخی خاڵ وەك شێخی نۆدێ، مەلای بێتووشی، حاجی قادری کۆیە، مەلای گەورە ناوی بەگەورەیی چووەتە نێو مێژووی کوردەوە، بەهۆی ئەوەی خۆی لە حزبایەتی و سیاسەتەوە پاراستووە نەبوو بەرابەری خەڵك، هەروەها زروفی کوردستان و عێراق و بیری کۆنی هەندێ مەلا چەند بەربەستێك بوون لە سەرگرتنی شۆرشە هزرییەکەی خاڵ).

دیداری نۆیەم: لەگەڵ مامۆستا نەبەز هەورامی، لە **13/6/2011** ئەنجامدراوە، ئەو بۆچوونی وایە کە: (شێخی خاڵ توانیویەتی گوتارێکی ئایینی گونجاو بۆ سەردەمی خۆی بەرهەمبێنێت، نیشتیمانپەروەری بە خواپەرستی زانیووە، قورئانی وەك سەرچاوەی شۆرشی فیکریی و مەعریفی و زانستی ناسیووە، بەهۆی نەسازانی زەمینەی سەردەمی خۆی پەیامەکەی بە بەربڵاوی نەگەیشت، هەروەها کارنەکردن لەسەر پێگەیاندنی قوتابی و نەگرتنەبەری کاری بەکۆمەڵ، ئاستنزمی کۆمەڵگە لەرووی رۆشنهزرییەوە چەند بەربەستێکی تری بەردەم پرۆژە هزرییەکەی خاڵ بوون).

دیداری دەیەم: لەگەڵ دکتۆر سەباح بەرزنجی، لە **1/9/2011** ئەنجامدراوە، ئەو پێیوایە: (شێخی خاڵ لە بوارەکانی، زانست و ئایین، ئەدەب و عیرفان و پەندی پێشینان، فەرهەنگ و زمان، کۆمەڵایەتی و وتار پێشەنگ بووە و خزمەتی بە هاوزوبانیانی کردووە)، سەبارەت بە کۆسپەکانی بەردەم پرۆژە هزرییەکەی، ئەو پێی وایە: (کەسانی دۆگما و تەقلیدی بەربەستی گەورە بوون، هەروەها قەزاوەت و کاری میللی رێگربوون لەوەی سەرجەم ژیانی بۆ پرۆژەکەی تەرخان بکات).



- هونەری ڕەنگەکان لە ئیسلامدا و کاریگ...
  محمد مەلا محمود تاوگۆزی




- وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا وەک شوێنی بازرگ...
  هۆشیار جەمال



- کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەوی دا خو...
  د. ئاراس محمد صالح



- میانرەویی و کاریگەریی ئەو لە پەروە...
  د.سەباح بەرزنجی



- کتێبی (بنکەنکردنی دیوارێکی لەرزۆک)...
  هۆشیار جەمال



- پاشای دادپەروەر...
  فەرەیدوون ئه حمه د



**شارستانیەتی ئیسلامی، هۆکاری دواکەوتن...**

لوقمان سەمەد برادۆستی



**خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی "منهج القرآن ال...**

هەژار حاتەم



**زانستی نوێ سەلماندی: "گشت مرۆڤەکان تەنها...**

د. ازاد علي اسماعيل



**ئیلحاد و ئەخلاق ... ئەگەر خواوەند ئەفس...**

و: د. مەریوان حەمە دەروێش صالح

**1 بۆ 10 لە کۆی 213** سەرەتا کۆتایی

Copyright ©, All Right Reserved.

Created by DotNet For IT Solutions